هەرچەند بگەڕێن شار و وڵاتان ... عەزیز ڕەئووف

خۆی هەر دەرکەوتنی دوو کەسایەتی کورد لە سەردانەکەی فەرەنسادا مانای ئەوەیە زیاد لە ماڵکمان هەیە و هەموو کێك نین کە یەك کەس بەناوی هەموانەوە بڕیار بدات و سەردانی وڵاتان بکات. خۆی هەر دەرکەوتنی دوو کەس لە سەردانەکەی فەرەنسادا پێمان دەڵێت بەر لە هەر شت برینەکان بە دەرەجەی یەك برینی ماڵی خێمانە و ئەسڵی مەسەلەکە ئەوەیە کە دوو میرنشین حوکممان دەکات.

هەرچەند بگەڕێن شار و وڵاتان هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە لەناوەوە کەلاوەیەکتان بنیاد ناوە کە دروستکردنی خانوو لەسەر ئەم کەلاوەیە ئەستەمە و دەبێت ئەم کەلاوەیە ببەینەوە سەر عەرزی ڕەق ئینجا بینای بکەینەوە. هەرچەند دوو کۆی گەنج و ڕەکپێش بگەڕێن شار و وڵاتان لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە حوکمڕانی لە بیست و شەش ساڵی ڕابردوودا لەسەردەستی باوك و کوڕەکانیان، لەسەردەستی نەوەی دووەمی شەڕشگێڕەکان تادێت قەبارەی قەیرانەکان گەورەتر دەکەن و دەمانبەنەوە سەرەتای سەرەتاکان.
هەرچەند دڵخۆش بیت بەوەی کە ئاڵای کوردستان لە کوێ هەڵکراوە و چ سەرکردەیەك پێشوازیت دەکات و لەکوێدا بە فێنتی کوردی شتێك نوسراوە، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە تۆ لەناوەوە هیچت بنیاد نەناوە کە مایەی دڵخۆشی بێت و لە ئاستی ماس میدیا دڵی هەوادارانتان بەوە خۆش دەکەن کە دوای ڕیفراندەم هەشتا کەسانێك هەن پێشوازیمان لێ دەکەن.

هەرچەند لە سەروبەندی ئەنجاندانی ڕیفراندەمدا بە ئەزموون بۆمان دەرکەوت هەموو ئەو سەردان و بەسەرکردنەوە و پێشوازی و هەڵکردنی ئاڵایە لە ئۆفیسی دەوڵەتان هیچ نەبوون جگە لە بیرکەوەی ئەوەی نوخبەی دەسەڵاتدار لەئاست لێبی و پەیوەندی دبلۆماسی لەنێو گەلاندا و دواجار بەکارهێنانی کورد وەك گەلێکی قوربانی بەرامبەر بە شەڕی داعش و گیانلەدەستدانی زیاتر لە هەزار و پێنج سەد گەنجی خۆرلەخێنەدیوی ئەو گەلەی کە خۆیان و منداڵەکانیان زیاد لە دوو دەیەیە باجی شکستە سیاسی و ئابووری و ئەخلاقیەکانی ئەوە دەدەن.

هەرچەند بگەڕێن شار و وڵاتان، جگە لە پینەوپەڕکردنی دڵخەکە هیچ چاوەڕوانیەکتان جی نەهێشتووە، تەنها ئەوەتان پێ دەکرێ وڵاتانێك

نەوەنگیری بکەن بە گفتوگۆ لەگەڵ ناوەند و گەڵانەوە بە دڵخی پێش ڕیفراندەم.
هەرچەند بگەڕێن شار و وڵاتان، لەو ڕاستیە کەم ناکاتەوە کە برینەکان لێرەن نەك لە ئۆفیسی سەرکردەی شار و وڵاتان.